ناوةندى هةوالَطرى فيدراسيؤنسةراسةري ثةنابةرانى عيَراقى

# هةوال وضالاكي فيدراسيؤن

## بانطةواز بؤ بةشداري لة رِيَثيواني لةندةن

ئازاديخوازان و رِةوةندي كوردستاني لةبةريتانيا

بؤ ثشتيواني لةرِاثةرِينةكاني خةلَكي كوردستان و شاري سليَماني دذ بة دةسةلآت وثارتي، داواتان ليَدةكةين كة رِؤذي هةيني 25ي شوبات بةشداري ضالاكي خؤثيشانداني لةندةن بكةن.

ضالاكيةكة بةم شيَوة دةبيَت: سةعات 1 ي ثاش نيوةرِؤ خؤثيشاندانة كة لةبةردةم سةفارةتي ئةمريكا دةبيَت لة:

24 Grosvenor Square

London, W1A 1AE

United Kingdom

بةشداريتان بؤ ئاطاداركردنةوةي دنيا ية لةثيَناو فشاري نيَودةولَةتي خستنة سةر دةسةلآتداراني كوردستان، وة هةروةها ثشتيوانيكردني خةباتي خةلَكي شؤرِشطيَرِي كوردستانة لة ثيَناو بة دةستهيَناني ئازادي و شكست هيَناني هةرِةشة و كوشتاري دةسةلآتداراندا.

ضةتري ئازادي لة لةندةن

## خۆپیشاندانی پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان لە سویسرا بە رپا کرا



ئەمرۆ کاتژمێر 2.30 ی دوا نیوەڕۆ، لە سەر بانگەوازی ئەم لایەنانە خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی دژ بە سەرکوت و کوشت و بڕی خەڵکی خۆپیشاندەری کوردستان و بە تایبەت لە خوێنهەڵکێشانی خۆپیشاندانی 17.2 ی شاری سلێمانی لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ،وە بۆ پشتیوانی لە داخوازیەکانی خەڵکی خۆپیشاندەری کوردستان، لە شاری بێرنی پایتەختی سویسرا بە ڕێخرا. سەرەتا هەریەک لە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان،حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان ڕیکخراوی چاودێری کوردۆساید.حزبی کۆمۆنستی رێکاریی عێراق، قسەوباسی خۆیان پێشکەشکرد. دواتر نوێنەری خۆپیساندانەکە یاداشتێکیان بە سەفارەتی ئەمریکاو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیاند. خۆپیشاندەران بە شیعاری(ئازادی، یەکسانی، بۆ دەرەوە بارزانی )و(کوا بکوژانی ڕێژوان، ئێوە ئەی تالآنچیان؟) خۆپشاندانەکەیان گەرم ڕاگرتبوو، دوا بە دوای وتاری لایەنەکان میکرۆفۆن ئازاد کراو کۆمەڵێک خۆپیشاندەر ڕاو سەرنج و هەڵوێستەکانی خۆیان بە ئامادەبوان گەیاند.لە کۆتایدا خۆپیشاندەران بریاریاندا تا وەلآمدانەوەی داواکانی خەڵکی کوردستان درێژە بە چالاکی بدەن و ئەمە ببێتە سەرەتای کار. و لە داهاتودا هەوڵی چالاکیتر بدرێ.  دوای کاتژمێرو نیوێک خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێهات.

داواکاری خۆپیشاندانەکە :

1/ دادگاییکردنی بکوژان و فەرماندەرانی تەقە کردن لە خۆپیشاندەرانی 17.2 ساری سلێمانی.

2/ دەرکردنی هێزە چەکدارەکان لە شار و شوێنی ژیانی خەڵک ، بۆ دەرەوە.

3/ دەرکردنی فەرمانی قەدەغەکردنی تەقە کردن لە خۆپیشاندەران لە لایەن سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێمەوە.

24.2.2011 بێرن

1/فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا

2/ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان لە سویسرا

3/ ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید /کۆمیتەی سویسرا

4/ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق/ کۆمیتەی سویسرا

5/ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان/کۆمیتەی سویسرا

## سەندیکای گشتی خزمەتگوزاریەکان، داوای چوونە دەرەوەی هیزە میلیشایاکانی پارتی دەکات لە کوردستان

سەندیکای گشتی خزمەتگوزاریەکان لە لەندەن، نامەیەك ئاڕاستەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی دەکات لەو نامەیەدا پشتیوانی خۆیان لە کەمپینی فیدراسیۆن دژ بە توتدوتیژیەکانی ئەم دواییانە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران لەلایەن هیزەکانی پارتی دیمکراتی کوردستانەوە دەربری.

لەو نامەکەیاندا داوا لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن:

1. ئەوانەی هەستاون بەکوشتنی خۆپیشاندەران لە 17-2 بدرینە دادگا.
2. چوونە دەرەوەی هیزە ملیشیایاکانی پارتی دیمکراتی کوردستان لە کوردستان.
3. ئازادکردنی فەوری گیراوەکان.

ڕێکخراوی رزگاری کریکار پشتیوانی خۆیان لە داواکاریەکانی خۆپیشاندەران رادەگەیەنن

ڕێکخراوی Workers Liberty لە نامەیەکیاندا کە ئاڕاستەی چەتری ئازادی و ڕێکخراوەسیاسیەی کوردستانیەکانکردوە

، سەربارى پشتیوانی خۆیان لە داواکاریەکانی خۆپیشانداندەران لەکوردستانو لەدەرەوە . ئەم خۆپیشاندانانە بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەبات بەدژ گەندەڵی و رژیمە نادیمکراتیەکان دەزانن . بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دەسەلاتدرانەوە، چارەنووسی خۆیان وەك بن عەلیو مبارك و قەزافی دەبیننەوە. هاوکات لە نامەکەیەندا کە 20-2 کۆپیەکی ئاراستەی فیدراسیۆن کراوە داوا دەکەن تاوان باران بدرینە دادگا، کۆتای بە دەسەلاتی میلیشیای پارتی بێت لەکوردستان و گیراوەکان ئازاد بکرێن.

## حکومەتی عێراقو کوردستان ئیمزایان کردوە بۆ رەزامەندی ناردنەوەی پەنابەران، 32 پەنابەر لە زیندانیەکانی بەریتانیاوە



لەنامەیەکدا  رۆژی 22-2 کە وێنەی ئارێستەی ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن کراوە، 32 پەنابەری کورد لە گرتووخانە دەستبەسەرەکانی بەریتانیاوە دەڵێن(لەکاتێکدا کە ئەو راپەرینە پیرۆزانە  کە ولاتانی جیهانی عەرەبی گرتۆتەوە بەکوردستانەوە، لەو بارە ناهەموارەی کە هەمانە وادیسان حکومەتی هەرێمی کوردستان رازی بووە کەوا پەنابەرانی  کورد لە هەندەران وەربگریتەوە"

لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا " داوا دەکەن:حکومەتی هەرێمی کوردستان موقفی خۆی بە ئاشکرا دیاری بکات، ئایە رازی یە کە خەڵك بەزۆر بنیریتەوە یان نا؟"

هەر لەو نامەیەدا داوا لە مرۆڤ دۆستان دەکەن کەوا دژی ئەو بریارە بوەستن، نامانەوێت بەزۆر ملی بنیرینەوە"

کۆپی ئەو نامەیە هاوپیچە:

## "20 ساڵە خەڵکی کوردستان بیزارە لە دەسەلاتی دیکتاتوریو میلیشیایی حزبیەکانی دەسەلاتدار لە کوردستان"

رۆژنامەی رۆژانەی بەریتانی(Morning Star) لەئامادەکردنی راپۆتێك و چاوپێکەوتن لەگەڵ دەشتی جەمال لە چەتری ئازادی لەژێر ناونیشانی"کورد رووبەرووی شەر دەبیتەوە بەرامبەر نوسینگەی لەندەن" لە راپۆرتەکەدا هاتووە بەدەیان کەس لەبەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلەندەن دژ بە کوشتنی خۆپیشاندەران لەکوردستان، خۆپیشاندانیان بەرپاکرد. هەروەها "خۆپیشاندەران، هیزە میلشیایەکانیان لەسەراسەری کوردستان ئاگادارکروە  بۆ چوونە دەرەوە وداوا دەکەن گەندەڵی و بیکاری کۆتای بێت"

هەروەها هاتووە خۆپیشاندەران داوای"ئازادی وکاروکۆتایهینان بە گەندەڵی دەکەن"

بۆ زیاتر لەسەر ئەو چاوپێکەوتنە براوانە لینکی: http://www.morningstaronline.co.uk/index.php/news/content/view/full/101398

## رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی هەواڵی داگیرکردنی نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بلاو دەکاتەوە

سایتی رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی رۆژی 18-2 لە ژێر ناونیشانی"توندوتیژی لە بەحرینو لیبیا"راپۆرتێکی دریژ سەبارەت بە ئالوگۆرە سیاسیەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەراستو رووبەرووبوونەوەی توندوتیژی بلاو دەکەنەوە. لە هەمان راپۆرتدا ئاماژە بە سەرکوتو توندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران لە کوردستان بلاو دەکەنەوە لە چاو پێکەوتنێکی تەلەفونیدا لەگەڵ دەشتی جەمال دا ووردەکاریەکانی رووداوەکان بلاودەکەنەوە. بۆ خۆیندنەوەی زیاتر، تەماشای مالپەری رۆژنامەی گاردیان بکەن لەم لینکەی خوارەوە:

http://www.guardian.co.uk/world/blog/2011/feb/18/middle-east-protests-live-updates

## سەبارەت بەمەرگی رێکەوت رەشید، فیدراسیۆن داوای لێکولینەوە لە وەزیری ناوخۆ دەکات

رێکەوت رەشید پەنابەری کوردی عێراقی دوای 11 ساڵ ژیان بەسەر بردن لە ولاتی بەریتانیا، رۆژی یەك شەمە 30-1 لە ژوورەکەی خۆی لەندەن کۆتای بە ژیانی خۆی هێنا.

فیدراسیۆنی دوای لێکولینەوە لەگەڵ پۆلیس ونەخۆش خانە، جەنازەکەیان وەرگرتەوە لەرێگای کەسوکاریان رەوانەی کوردستان کرایەوە .

سکرتیری فیدراسیۆن نامەیەکی نارەزایەتی ئاراستەی (Teresa May) لە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا کرد، هاوپیچ بە دوو نامەی پێشتر کە سەبارەت بە باری تەندروستی رێکەوت ئاراستەی هۆم ئۆفیس کراوە، وەلام نەدراوەتەوە. لەو بارەیەوە سکرتێری فیدراسیۆن داوای پێك هێنانی لیجنەیەکی لێکولینەوە لەکەیسی رێکەوت رەشید دەکات.

---

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, ,

Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com, Samera Ahmad

tel:07828424164:

ifir@hotmail.co.uk

www.federationifir.com www.csdiraq.com